# سۆشیالیستە ڕاستەقینەکان



کارل مارکس

وەرگێڕانی ئەنوەر نەجمەدین

# سەرەتایەکی خێرا

ئەوەی لێرەدا دوای دەکەوین، سەرەتایەکە بۆ سیستمە فیکریە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیەکانی ئەڵمان کە بە بڵاوکردنەوەی لە سۆشیال-دیموکراتەکانی ڕووسەوە، بوونە بنکەی سیستمە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیەکانی جیهان، ئەمە لە کاتێکا، سیستمە فیکریەکەی ئەڵمان، هەژارترین و شێواوترینی هەموو سیستمە فیکریە سۆشیالیستیەکانی جیهانەو دواتریش ڕووسەکان بوونە دوا پەناگای ئەو یۆتۆپیایانەو پێکەوە، شێوانشێوێکی ئێجگار زۆریان لە سیستمە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیەکاندا دروست کرد. ئەڵمان هەموو شتێکی ئاڵاندووە بەیەکا: "مەعریفەی بێگەرد، ماددە، سۆشیالیزمی زانستی، لیبرالیزمی کۆمۆنیستی، مافی کۆمۆنیستی" .. هتد.

ئێمە لێرەوە، دەستدەکەین بە هەڵگێڕانەوەی ئەو سیستمانەو دەیانخەینەوە سەرپێ، تا ڕوونتر ببینین، نێوانی ئەوان و تێزەکانی مارکس چەند دوورە، وە تا ببینین مارکس خاوەنی هیچ سیستم و قوتابخانەیەکی سۆشیالیستی نیە هەتا "سۆشیالیستی زانستی" بخرێتە پاڵ ئەو. بەڵکو "سۆشیالیزمی زانستی" لە دەستکردی "سۆشیالیستە ڕاستەقینەکان" ی ئەڵمانەو لە ڕیی ئینگڵسەوە، تێکەڵ بە سیستمە فیکریە سۆشیالیستیەکان بووەو دوورو نزیک پەیوەندی بە مارکسەوە نیە. وە لە تەواوی دانراوەکانی مارکسەوە، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە شێوەی "قوتابخانە سۆشیالیستیەکان" و "سۆشیالیزمی زانستی" دا پێشکەشی خوێنەرانی دەکەین، ئەوە دەبینین کە ئەو جۆرە ئایدیایانە، بەرهەمی شێوە سەرەتاییە کاڵوکرچە پێنەگەیشتووە یۆتۆپیەکەی سۆشیالیستەکانە.

مارکس دەڵێت:

"پشکنینی زانستی" کە ئەو نووسەرە پێی هەستاوە دەربارەی سۆشیالیزم، ئەوە هەر کۆپیەکی دووهەمی هەموو ئەو ئایدیایانەیە کە .. مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی یەکەمی کۆمۆنیزمی ئەڵمانی" (الایدیولوجیة الالمانیة).

ئەو بزووتنەوانەی مارکس لێیان دەدوێت، دەکەونە دوای کامڵ بوونی سیستمی سەرمایەداری و سەروەرێتی چینایەتیی برجوازیەتێکی مەدەنی و سیکۆلار، لیبرالیست و پەرلەمانی، دەکەونە دوای ڕاپەڕینە پرۆلیتاریە گەورەکانی ١٨٤٨ و ١٨٧١ ی فەرەنسا کە بە تەواوی خاڵی جیاکەرەوەی نێوان برجوازیەت و پرۆلیتاریای تێدا ڕوون بۆتەوە وەک دەربڕی دوو ئاراستەی مێژوویی، دوو پرۆگرامی مێژوویی جیاواز: برجوازیەت سیستمی مافی مرۆڤی سەپاند بەسەر کۆمەڵگادا، مافی خاوەندارێتی تایبەتی بۆ هەمووان، پرۆلیتاریایش ئەو مافە، ئەو خاوەندارێتیەی خستە ژێر پرسیار بەو واتایەی ئەوە مافی موڵکداریتی تایبەتیە. ئەڵمان، وە دواتریش ڕووسەکان، سیستمە فیکریە سۆشیالیستیەکانیان لە سیستمە سۆشیالیستیە یۆتۆپیەکانی ئینگلیزو فەرەنسیەکانەوە هێناوە. ئەمە لە کاتێکا تێزەکانی مارکس، بەتایبەت، ڕەخنەیە لەو سیستمانە.
ببینن مارکس چۆن باس لەم "سۆشیالیستە ڕاستەقینانە" دەکات. وە ڕایشی دەگەیەنێت، ئەو خۆی، خاوەنی هیچ سیستمێکی فیکریی سۆشیالیستی نیە.

بەپێی مستر واگنەر، تیۆریەکەی مارکس لە بەهادا، بەردی بناغەی سیستمە سۆشیالیستیەکەیەتی. بەڵام لە کاتێکا من هیچ "سیستمێکی سۆشیالیستی" م دانەناوە، ئەوا ئەمە هەر تەنها فەنتازیای واگنەرو شۆفڵ و هاوشێوەکانیانە.

کارل مارکس، سەرمایە، کتێبی سێهەم، وێنەی ئەلەکترۆنی لە ئینترنێتدا بە ئینگلیزی

# سۆشیالیستە ڕاستەقینەکان

کارل مارکس

شان بە شانی کۆمۆنیستەکانی ئەڵمان، ژمارەیەک نووسەر دەرکەوتن کە چەند ئایدیایەکی کۆمۆنیستە فەرەنسیەکان و ئینگلیزیەکانیان وەردەگرت و تێکەڵیان دەکردن بە پێشینە فەلسەفیە ئەڵمانیە تایبەتیەکانی خۆیان. ئا ئەم "سۆشیالیستانە"، یان وەک خۆیان بە خۆیان دەڵێن "سۆشیالیستە ڕاستەقینەکان - الاشتراکیین الحقیقیین" بەو جۆرە ئەدەبی کۆمۆنیستی بێیانی تێنەگەیشتبوون وەک ئەوەی کە دەربڕی بزووتنەوەیەکی بەکردەوەو دەرئەنجامەکانی بێت، بەڵکو ئەوان ئەو نووسینە تیۆریە بێگەردانە دەبینن کە بەتەواوی بەرهەمی "بیری بێگەرده"، ئەمە هەروەک چۆن سەبارەت بە سیستمە فەلسەفیە ئەڵمانیەکانیش، هەمان خەیاڵ دەیانباتەوە. وە هەرگیز بە بیریشیاندا تێناپەڕێت، ئەم نووسراوانە، تەنانەت لەو کاتەیشدا کە مژدە بەخشی ئەو سیستمانەیە، لە پێداویستیە بە کردەوەکانەوە، لە کۆی مەرجە تایبەتیەکانی ژیانی چینێکی دیاریکراوی وولاتە دیاریکراوەکانەوە سەرهەڵدەدەن. وە زۆر ساویلکانەیش، باوەڕ بە وەهمی ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرە فیکریەکانی ئەو حیزبانە دەهێنن کە باوەڕیان وایە لە دانراوەکانیاندا بایەخ بە سیستمێکی کۆمەڵایەتی "ماقوڵتر" دەدەن نەک بە پێداویستی چینێکی دیاریکراو یان زەمەنێکی دیاریکراو.

... بەڵام ئەی ئەم "ڕاستەقینەییە" چیە زیادیان کردووە بۆ سەر سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم؟

ئەوان لەبەر ئەوەی وا دەبینن ئیدراکی بیری نێو ئەدەبیاتە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیەکان قورسە بۆیان -ئەمەیش لە لایەکەوە لەبەر جەهالەتیان بە دانراوو تێکستە تۆمارکراوەکانی نێو ئەو دانراوانە، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی بەهەڵە تێگەیشتنیانەوە لەو ئەدەبیاتە سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیەی لەسەرەوە پەنجەی بۆ ڕاکێشراوە- ئەوا هەوڵدەدەن ئەو سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمە، بە پەنا بردن بۆ ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی ڕوون بکەنەوە، بەتایبەت ئایدیۆلۆژیای هیگڵ و فیۆرباخ. ئەوان سیستمە کۆمۆنیستیەکان و نووسینە ڕەخنەیی و ڕاوێژیەکانیان لەو بزووتنەوە بەکردەوەیە دادەماڵن کە ئەو سیستم و نووسراوانە تەعبیری لێدەکەن، ئەمەیش بۆ ئەوەی لەدوایدا، هەر لە خۆیانەوە، بەراووردی بکەن بە فەلسەفەی ئەڵمانی. ئەوان هۆشمەندیی چەند بوارێکی دەستنیشانکراوی مێژوویی ژیان دادەبڕن لەو بوارانە خۆیان و دەیانبەستنەوە بە دەستەواژەی هۆشمەندیی ڕەهای ڕاستەقینەوە، واتە هۆشمەندی فەلسەفەی ئەڵمانی. وە بە لۆژیکێکی تەواوەوە پەیوەندی تاکەکان دەگۆڕن بۆ پەیوەندی "مرۆڤ" و بیرکردنەوەی ئەو تاکە دیاریکراوانەیش بە بیرکردنەوەی ئەوان خۆیان شیدەکەنەوە وەک ئەوەی گوایە ئەوە بیرکردنەوە بێت دەربارەی "مرۆڤ". وە لەکاتێکا ئەمە دەکەن،

ئیتر ئەوان مەیدانی واقیع، مەیدانی مێژوو جێدەهێڵن، وە دەگەڕێنەوە بۆ مەیدانی ئایدیۆلۆژیا، وە ئیتر ئەوکاتە بەبێ هیچ زەحمەتێک، وە بەهۆی جەهالەتیانەوە بە پەیوەندیە بەکردەوەکان، ئەو پەیوەندیانە دەگۆڕن بە هەر پەیوەندیەکی وەهمی بێت بە یارمەتی مێتودی "ڕەهاگەری" یان هەر مێتودێکی تری ئایدیۆلۆژی. ئا ئەم وەرگێرانەی بیری فەرەنسیەکان بۆ زمانە ئایدیۆلۆژیەکەی ئەڵمان، وە ئەم پەیوەندیە داتاشراوە خۆبەخۆیەی نێوان کۆمۆنیزم و ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، ئەو شتە پێکدەهێنێت کە ئەو کەسانە ناوی دەبەن بە "سۆشیالیزمی ڕاستەقینە" ..

هەر بەم جۆرە سۆشیالیزمی ڕاستەقینە هیچ نیە وێنەیەک نەبێت لە کۆمۆنیزمی پرۆلیتاری و حیزب و تایەفەکانیان کە لە یەک ئەسڵن لە فەرەنساو ئینگلترەداو لە ئاسمانی زیهنی ئەڵمانی و ئاسمانی سۆزداریی ئەڵمانییشدا وێنا کراون.

... وە مەسەلەکەیش ئاسانتر دەبێت مادام سۆشیالیزمی ڕاستەقینە، لێرە بەدواوە، بە بوونەوەرە ئینسانیە بەکردەوەکان دەستنیشان ناکرێت، بەڵکو "بە مرۆڤ" دەستنیشاندەکرێت و هەموو حەماسێکی شۆڕشگێریشی وون کردووە، وە لەبری ئەوە داوای خۆشەویستی هەموو ڕەگەزی مرۆڤ دەکات. لەبەر ئەوەیشە ئەم سۆشیالیزمە تەنها ئاراستەکراو نیە بۆ پرۆلیتاریەکان، بەڵکو بۆ هەردوو ئەو چینە ژمارە زۆرەی ئەڵمانیا، بۆ برجوازیە بچووکەکانی ئەڵمانیا بە وەهمە خێرخوازیەکەیانەوەو بۆ ئایدیۆلۆژیستەکانی ئەو برجوازیەتە بچووکانەیش بە تایبەتی، بۆ فەیلەسوفەکان و قوتابیەکانیان؛ بەگشتی ئاراستەکراوە بۆ ئەو هۆشمەندیە "ڕەشۆکی" و ناڕەشۆکیەی لە ئێستادا لە ئەڵمانیادا سەروەرە .....

* * *

بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانەی بەکردەوە خاوەن موڵکن لە لایەکەوە وەستاون، وە پرۆلیتاریە کۆمۆنیستەکانیش کە خاوەنی هیچ موڵکیەتێک نین، لە لایەکی ترەوە وەستاون. ئەم ناکۆکیەیش ڕۆژ بەڕۆژ توندوتیژتر دەبێتەوەو بەرەو قەیرانێک دەڕوات. لەبەر ئەوە ئەگەر نوێنەرە تیۆریستیەکانی پرۆلیتاریا ئارەزوومەندی ئەوەن چالاکیە ئەدەبیەکانیان کاریگەریەک جێبهێڵێت، ئەوا لەسەریانە بەر لە هەرچی، پێداگری لەوەدا بکەن هەموو ئەو دەستەواژانە بسڕنەوە هۆشمەندیی بەرامبەر ئەو ناکۆکیە توندوتیژە لاواز دەکات، هەموو ئەو دەستەواژە ووشکانەی ئەو ناکۆکیە پەردەپۆش دەکەن، بەڵکو هەلێک دەدەنە دەست برجوازیەکان لە پێناوی نزیک بوونەوەدا لە کۆمۆنیستەکان بۆ پاراستنی زیاتری ئاسایش لەسەر بنەمای خێرخوازیە گەشبینەکانیاندا. وە بە هەر شێوەیەکیش بێت، هەموو ئەم عەیبانە سەرلەنوێ لە دروشمەکانی سۆشیالیستە ڕاستەقینەکاندا دەردەکەونەوە، بەتایبەتی (خاوەنداریّتی ڕاستەقینە).

بە دڵنیاییەوە ئێمە ئیدراکی ئەوە دەکەین کە ناتوانرێت بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەڕێ لابدرێت لە لایەن چەند کەسێکی ئەڵمانیەوە کە خۆیان وەک کۆمۆنیست دەناسێنن. بەڵام لە وولاتێکی وەک ئەڵمانیادا -کە چەندان سەدە، دەستەواژەی فەلسەفی تیایا خاوەن سوڵتان بووە، وە هۆشیاری کۆمۆنیستییش تیایا لاواز بووە بەهۆی ئەوەوە کە ناکۆکیە چینایەتیەکان بەشێوەیەکی توندوتیژ تیایا بەرجەستە نەبووە وەک نەتەوەکانی تر- ئەوا پێویستە بەرهەڵستی هەموو ئەو دەستەواژە ووشکانە

بکرێت کە دەتوانێت زیاترو زیاتر، ئەو هۆشیاریە بشێوێنێت کە دەرئەنجامی ناکۆکی نێوان کۆمۆنیزم و ئەم سیستمە جیهانیەی ئێستایە [1]...

**کارل مارکس**
**الایدیولوجیة الالمانیة**
**لاپەڕەکانی : ٤٩٧، ٤٩٨، ٥٠٠، ٥٠١، ٥٠٨، ٥٠٩**

---

[1]. ئەم وەرگێرانە کورتە، وەک سەرەتایەک دەناسێنین بۆ بابەتەکانی داهاتوو: "قوتابخانە سۆشیالیستیەکان" و "سۆشیالیزمی زانستی"، ئەو قوتابخانانەی لە سۆشیالیزمی دەرەبەگایەتیەوە دەستپێدەکات و لە سۆشیالیزمی زانستیدا کۆتایی دێت و هیچیشیان پەیوەندیەکیان بە مارکسەوە نیە.